# لوبدی

## مێژوویەکی نەناسراو*

ڕەنگە هیچ شتێك لەناوچەی تاوق(داقووق) سەرنجت ڕانەکێشێت و بەخەیاڵتدا نەیەت ڕۆژێك ئەو ناوچەیە ناوی هەبووبێت و دەورێکی لەمێژوودا بینیبێت ئەگەر دەورێکی بچووکیش بووبێت. لەو ناوچەیەدا شاری لوبدی Lubdi هەبووە کە یەکێك بوو لەشارەکانی سەردەمانی پێش زاین.

(لوبدی)ی دەشتی کەرکووك لەدەوروبەری شارۆچکەی تاوق (داقووق)دا بوو[1]. بەڵام هەر لەو دەوروبەرەدا ناوی شارێکی سەردەمی ئاشوری هەیە ئەویش دیقوقینا Diquqîna کە (فۆرەر) بە (داقووق)ی زانیوە[2]. ئەم باسەشمان بۆ مێژووییەکی کۆن تەرخان کراوەو لەمێژووی (داقووق)ی سەردەمە ئیسلامییەکان نادوێت[3] .

لەباسەکەی کەرکووکیشدا وتبوومان لیستێکی جوگرافی هەیە بەهی سارگۆنی ئەکەد(٢٣٧١-٢٣١٦پ. ز.) زانراوەو تیایدا ناوی ئاراپخا(کەرکووکی کۆن) و لوبدی هاتووەو بەم شێوەیە((وڵاتی ئاراپخا لە ...خا ha...وەیە تا لوبدی )) واتە لوبدی سنوورێکی وڵاتی ئاراپخا بوو. جگە لەوەش ناوی لوبدی لە چەندین دەقدا هاتووە.

لە دەقێکی بنەماڵەی یەکەمی بابلدا ناوی پاخایا Pahaia هاتووە کە کەنیزەك بوو و خەڵکی شاری لوبدیی وڵاتی سوبیر (سوبارتو) بوو[4].

لەدەقێکی ساڵی حەوتەمی پادشای بابلی (ئامی صادوقا) پاش سەدان ساڵ (١٦٣٢پ.ز) ناوی لوبدی بەشێوەی لوبدا Lubda هاتووە[5]. پاش حوکمی ئەم بنەماڵە بابلییە حوکمی کاشی هاتەکایەوە. لەو کاتەدا لوبدی سەر بە بابل بووە، بەڵام کاتێك دەوڵەتی ئاشوری بەهێز بووبێت شارەکەی لەدەست دەرچووە. ماوەیەکیش سەر بە دەوڵەتی ئاراپخا بوو و دیارە ماوەیەکیش، ئەگەر بەناویش بێت، سەر بە دەوڵەتی میتاننی بوو.

لەبەر دراوسێتیی لوبدی لەگەڵ ئاراپخادا زۆرجار پێکەوە باسیان دەکرێت، لێرەشدا هەندێك زانیاریی باسەکەی پێشوومان لەبارەی کەرکووکەوە دووبارە دەکەینەوە .

ئیتخی تێشوب Ithi-Tešup کە پادشایەکی کەرکووك بوو لە نووسراوەکەیدا هەڕەشە لەو کەسە دەکات ناوی دەکوژێنێتەوەو دەڵێت: با ئادادو ئیشتاری لوبدی نەوەکەی لەناوبەرن[6] . ئەم جۆرە نەفرەتانەش هەمیشە دەنووسران چونکە پادشایان دەترسان کەسێك ناوەکەیان لە نووسراوەکە بکوژێنێتەوە یان دەستکاری نووسینەکان بکات.

لوبدی لەم نووسراوەدا بەشێوەی لوبتوخی Lubtuhi هاتووە، خی (hi)ش پاشگرێکی خوررییە[7].

پاش شەڕی نێوان ئاداد – نیراریی یەکەمی ئاشور (١٣٠٦-١٢٧٥پ.ز) و پادشای کاشی نازی ماروتتاش شارو وڵاتی کەرکووك درا بە ئاشورییەکان. پادشای ئاشوری لوبدیی بە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی ژێردەستی ناوبردبوو[1] .

---

* گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢١، ٥/٣/١٩٩٨، ل ١٦٥-١٦٧.

[1]B.Groneberg, RGTC, 3, 1980,S.153.

[2]RLA, 1,S.257.

[3] لەم بارەیەوە مەلا موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی باسێکی بەزمانی عەرەبی لەگۆڤاری (کۆڕی زانیاری عیراق/ دەستەی کورد) نووسیبوو:داقوق"دقوقاء" في التاريخ، بەرگی (١٠) ساڵی (١٩٨٣) ل (٣٦٩-٤٦١).

[4] (گێلب) لەگەڵ حەوت ناوی تردا دەیهێنێت کە ئەم ناوەو پێنجی تر هی عەقدی فرۆشتنی کۆیلەن لە سەردەمی ئامی دیتانا(١٦٨٣-١٦٤٧پ.ز)و ئامی صادوقا(١٦٤٦-١٦٢٦پ.ز): I.J.Gelb, New Light, p.387 .

[5]J.J.Finkelstein, in, JCS, 9, 1955, p.1.

[6]Th.J.Meek; HSS, 10,1935 (reprint. 1968), p. xxvi.

[7]Ibid.

ئاداد – نیراریی دووەمی ئاشور (٩١١-٨٩١پ.ز) شارەکانی ئارراپخا، لوبدا Lubda، "قەڵاکانی کاردونیاش" (واتە وڵاتی بابل)ی ((گەڕاندەوە بۆ وڵاتی ئاشور))[٢] ، ئەویش چونکە بەر لەو پادشایە حاڵەتی بێهێزی ڕووی کردبووە ئاشورییەکان و دیارە ئەم شارانەیان لەدەست دەرچووبووبێت.

باسی ئەوەشمان کردبوو کە یەکێك لەکوڕەکانی شەلمانەصەری سێیەم لەسالآنی دوایەمینی حوکمیدا (ساڵی ٨٢٧ پ.ز) لێی یاخی بوو، ئەویش کوڕێکی تری – کەدوایی دەبێتە پادشای ئاشور – دەنێرێتە دژیو دژ بەو شارانەی لەگەڵیدا یاخی بوون کە (٢٧) شار بوونو بریتی بوون لە لوبدو Lubdu و ئارباخا (ئارراپخا) و زابان و ئاربائیلو (هەولێر)... تاد[٣] پاش چوار ساڵیش لەشەڕکردن توانی بەسەریاندا سەربکەوێت.

بەر لەم ڕووداوانەو لەسەردەمی (حامورابی)دا پادشای بەهێزی ئاشور؛ شامشی ئادادی یەکەم (١٨١٤-١٧٨٢پ.ز) پادشانشینێکی فراوانی حوکم دەکرد کە لە سێگۆشەی خابووری فوراتەوە لای باکوور تا شاری (ماری) لەسووریاداو باشووری شاری ئاشور لەباشووردا درێژ دەبووەوە ئەمەش جگە لەچەند بەشێکی ڕۆژئاوای دەوڵەتەکە بوو.

فەرمانبەرێکی یاسماخ – ئاداد (ئەمیان کوڕێکی شامشی ئاداد وفەرمانڕەوای ماری و بەشی ڕۆژئاوا بوو) نامەیەکی بۆ دەنووسێت:

((... سەبارەت بە ناردنی سەربازەکان بۆ ئاتوم Atum ، پێش (گەشتنی) ئاغام (واتە یاسماخ ـ ئاداد) ئاغام بۆی نووسیم واتیرـ نانو Watir-nanu لەگەڵ هەزار کەسێکدا لە لوبدوم Lubdum دان و هەر ئێستا ئاسدیتا[کوم] لەگەڵ ٧٠ کەسدا دەنێرم بۆ شاری ئاتوم تا لە ژێر دەستی [ئاغام ] بن...)) تاد[٤].

ئاسدیتاکوم Asditakum یش پادشای شاری خاررانوم(حەڕڕان) بوو[٥]. دیاریشە کە شاری ئاتوم Atūm نزیك لوبدی بوو. لوبدی لێرەدا لەگەڵ پاشگری (ئوم) umی ئەکەدیدا هاتووە.

شایەنی بەراوردییە ڕوبارێك بەناوی ئەدهەم (الأدهم) هەیە کە بەپێی (ڕۆژبەیانی) ڕۆخانە (داقووق چای) یە[٦] کە لقێکی ڕوباری عزێمە، هەرچەندە لەلایەکی ترەوە وتراوە دۆڵی ئەدهەم بریتییە لە ئاوی خاسە کە بەناو (کەرکوك)دا دەڕوات[٧].

لەگەڵ ئەوەش کە وشەی ئەدهەم عەرەبییەو واتای (ڕەش) دەدات، بەڵام ناوەکەی زۆر نزیکە لەناوی ئاتوم بۆیە بەدووری نازانین شاری ئاتوم لەو دەوروبەرەدا بووبێت و ناوەکە پەیوەندی نەبێت بە وشە عەرەبییەکە بەڵکو تەنانەت دوور نییە ناوی ڕووباری عزێم (العظیم) لە (ئاتوم)ەوە مابێتەوە.

لەلایەکی ترەوە شارێك هەبوو بەناوی ئادوو A-du-ú کە لە ڕێبەری ڕێگەیەکدا هاتووە (کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە– بڕوانە باسی ئورکیش لەبارەی ئەم ڕێبەرەوە)، (گوتزە) ئەم شارەی بەشاری ئاتوم زانیوەو لەڕۆژئاوای دیجلەو دەربەندی (الفتحة)ی داناوە[٨]. (الفتحة)ش نەختێك باشووری بەیەك گەشتنی زێی دوکان و دیجلەیە، بەڵام بەم شێوەیە دوورە لەو شوێنەی دەستنیشانمان کردووە بۆ ئاتوم.

سەدان ساڵ پاش ئەوە پادشای بەهێزی ئاشور تیگلات پلاصەری یەکەم (١١١٥-١٠٧٧پ.ز)دا باسی شەڕەکانی دەکات لەو دەوروبەرەداو دەڵێت:

---

[1]RLA, 1,S. 257.

[2]ARAB, 1, S360.

[3]ARAB, 1, S715.

[4]G.Dossin, ARM, 5, 1955, 50.

[5]J. Bottéro et André Finet, ARM, 15,p.142,

[٦] ڕۆژبەیانی، داقوق...، ص ٤٣٩.

[٧] ڕۆژبەیانی، ص٤٣٩، هـ ٣٠٨، ئەویش بەپێی: شمس الدین سامی،(قاموس الاعلام) – بە کوردی، ٥/ ٣٨٤٦.

[8]A.Goetze, JCS,7, 1953, p.64.

((بەرەو ولاتی کاردونیاش رۆیشتم، (ولاتی) ئەوبەری زێی خوارووو، شاری ئارمان **Arman**، کێڵگەکانی شاری سالوم **Salum** (یان سالوم **Sallum**) تا شاری لوبدیم بەزاند. ڕووباری رادانو **Radanu** (= عزیم یان لقێکی) م بڕی، شارەکانی بناری کێوەکانی کامولا **Kamulla** (و) کاشتیلا **Kaštilla** م گرت..))[1].

پێدەچێت بەشێکی زۆری خەڵکی لوبدی خوړری بوون ئەویش لەسەردەمی نووسراوەکانی نوزی (ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پ. ز). یەکێکیش لەناوه هەرەبڵاوەکانی نوزی ناوی ئاری ـ لوبتی **Ari-Lubti** هەبوو[2]. (فنکلشتاین)یش دەڵێت ناوچەی لوبدی ــ ئاشوخ **Lubdi-Ašuh** ئەگەر بەشێك نەبووبێت لەولاتی لوللوبوم نەبێت ئەوا تا ڕادەیەکی گەورە لوللوییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون[3].

بەبڕوامان حاڵەتی ئاسایی ئەوەیە دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی ڕووەو ڕۆژئاوا کۆچ بکەن واتە بۆ ناوچەی کەرکووك، لوللوییەکانیش لەناوچەکانی قەرەداغو سلێمانیو شارەزووردا دەژیان لەکاتێکدا ناوچەی کەرکووك بەلای کەمەوە لە ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زاییندا خوړریی تێدا دەبینرێت، هەر تێکەڵبوونێکیش لەنێوان ئەم دوو گەلە شتێکی چاوەڕێ کراوە بۆیە لەوانەیە تێکەڵەیەکی لوللوییو خووری لە لوبدیو دەوروبەریدا دەژیا بەڵام ئەمە باشترین حاڵەتەو لەو بڕوایەداین قسەکەی فنکلشتاین زیاڕەویی تێدایە[4].

مەبەستیش لە ئاشوخ **Ašuh** شارێکە کە هەروا بە ئاشوخیش **Ašuhiš** دەناسرا. ئەم شارە لەگەڵ شاری نومی **Nummi** هاتووە، بەڵام لەجیاتی **Num-mi** ناوەکە بە لوبدی خوێنراوەتەوە[5]. نومی **Nummi** (یان نومێ **Numme**) ناوی ناوچەیەکە لەڕۆژهەڵاتی باکووری هەولێر (سەدەی نۆیەم پ.ز ناوی هاتووە) لەکاتێکدا دەقەکانی نوزی کە ناوی (نومی)یان تێدا هاتووە سەر بە ناوچەی نوزیو ئارراپخاو دەوروبەریان بوون، واتە سەر بەناوچەیەکی بەسنوور بوون، لەلایەکی ترەوە ئەو (نومێ)یەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بە تومێ **Tumme** دەخوێنرێتەوە کە ئەمە خوێندنەوەی تەواوە[6].

لوبدی جگە لەشێوە جۆراوجۆرەکانی کە لەدەقەکاندا هاتوون (واتە: لوبتوخی، لوبدا، لوبدو..) چەند خوێندنەوەیەکی هەیە وەك لوبتی **Lubti**، لومتی **Lumti**، نومتی **Numti** [7].

جگە لە لوبدییەکەی دەشتی کەرکووك لەوە دەچێت لوبدییەکیتر لە باکووری کوردستاندا هەبووبێت ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەگەر ناوی لوبدی خوړری بێت ئەوا چاوەڕێ دەکرێت لە شوێنی تری خوړرییەکاندا دووبارە بێتەوە، وەك چۆن ئەمڕۆ زیاد لەیەك (کانی ماسی) و (سەرچنار).. تاد هەیە... کوردستانی باکووریش ولاتی ڕەسەنی خوړرییەکان بوو.

لوبدییەکەی باکوور لە ڕووداوێکدا لەگەڵ دوو ولاتدا باسی هاتووە: ئوببومێ **Ubbumme** [8] کوللیمێری **Kullimeri** کە وەك پایتەختی ولاتی شوپریا ناسراون[9]. ولاتی شوپریا کە ناوەکەی پەیوەندی هەیە بەناوی سوبارتو **Subartu** یان سوو **Sû** لەلایەن ئاشورییەکانەوە باس دەکراو کەوتبووە باکووری ولاتەکەیان.

---

[1] E. Weidner, Die Feldzüge und Bauten Tiglatpilesers I, in; Afo, 18, 1957-8, S.351 + ARAB, 1, SS 293, 331.

لەکنبێل دەڵێت ئەکید نییە دەقەکە هی تیگلات پلاصەری یەکەم بێت:

ARAB,I,S 331.

[2] J.J Finkelstein, JCS, 9, p.2+ n.12.

[3] Ibid, p.6.

[4] ئەگەر جیاکردنەوەکەی (گێلب) لە نێوان سوبارىو خوړرییەکان و باوەڕەکەی ئەو کە سوبارییەکان پێش خوړرییەکان لە بەشەکانی باکووری ولاتی دووڕووباردا هەبوون ڕاست بێت دەبێت بڵێین پێشتر ناوچەی لوبدی سوبارییەکانی تێدا دەژیا، ئەویش ئەگەر باسی گەلانی تر نەکەین وەك گوتییەکان، لوللو..

[5] Ibid, p.1(HSS, XIV, 132).

[6] M.Streck, S.295.

[7] J.Finkelstein, JCS, 9,p.2,n.10.

[8] ئوببومێ یان ئوبومێ=(فووم)ی ئەم سەردەمەمان بەپێی: ARAB,II,p.448 .

[9] H.Winckler, in; Altorientalische Forschungen, Bd.1, Vol.1-3, 1898, S.47.

کوتمار Kutmer یش هەیە کە لەسەر ڕێگەی پادشای خاتتی(حیثی) شوپپیلولیوماش (١٣٨٠-١٣٤٠پ.ن) بوو بۆ پایتەختی میتاننییەکان واشوکانی و لای (گوتزە) – بەگومانەوە- کوللیمێرییە[1] کە دەکەوتە ناوچەی بۆتان (جزیرە) ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت کوللیمێری باکووری ڕۆژئاوای جزیرەیە[2].

ئەو ڕووداوەی باسی لوبدییەکەی باکووری تێدا هاتووە لەکاتی (ئاشوربانیپال)ی ئاشور (٦٦٨-٦٢٧ پ.ن) بوو (لەشکرکەشیی پێنجەمی؟)[3]، ڕەنگە سالّی (٦٥٩ یان ٦٥٨ پ.ن) بووبێت[4]. کابرایەك بەناوی ئانداریا Andaria کە پێشەوای ولاّتی لوبدی بوو لەشەودا ڕۆیشت بۆ گرتنی ولاّتەکانی ئوببوممێ و کوللیمێری، خەلّکی کوللیمێری، کە سەر بە ئاشوربانیپال بوون:

(( ژمارەیەکی زۆری پیاوی ئەویان لەشەودا کوشت، تەنانەت یەک کەس هەلّنەهات، سەری ئانداریایان لێکردەوەو بۆ شاری نینوا بۆیان هێنام))[5].

بەر لەوەش باسی لوبدییەك دەکرێت کە ڕەنگە هەر لەو ناوچانە بووبێتو دوور نییە لوبدییەکەی سەردەمی ئاشوربانیپال بێت. پادشای ئاشوری تیگلات پلاصەری سێیەم (٧٤٤-٧٢٧پ.ن) باسی سەرکەوتنی خۆی دەکات لە ولاّتی ئورارتو و ولاّتی ئوللوبا (کە کەوتبووە نێوان ئورارتو و ئاشور – ناوچەی دهۆك –زاخۆ)و دواتر باسی گرتنی چەند شارێك دەکات کە (لوبدو) یەکێکیانە[6]. دیارە ئەم (لوبدو)وە ئەوەکەی باکوورە نەك ئەوەی کەرکووك چونکە ئورارتو لە باکووری ڕۆژهەلاّتی ولاّتی ئاشوردایە.

جێگەی سەرنجیشە کە ئاماژە هەیە بۆ هەبوونی ئاژەلّی فیل لە لوبدیدا. ئاشورناصیرپالی دووەم لە باسی بانگێشتنی نوێکردنەوەی شاری کالخو، کە کردیە پایتەختی خۆی، وتوویەتی کە پێنج فیلی بەدیاری بۆ هاتبوو لەلایەن فەرمانڕەوای (سوخو)و (لوبدا)و ئەم فیلانە لە لەشکرکەشییەکانیدا لەگەلّیدا دەچوون[7]. ئیتر دیار نییە ئەو فیلانە لە ناوچەی لوبدیدا گیرابوون یان لە ناوچە شاخاوییەکان کە چڕە دارستانیان تێدایە.

ئەوەش زانراوە کە پادشا ئاشوورییەکان فیلیان ڕاو دەکرد ئەویش لە لوبنان و باکووری سووریا[8]، هەروەها پادشایانی میسر لە هەزاری دووەمی پێش زاین (کاتێك سووریایان لە ژێر دەستدا بوو) ڕاوی ئەو ئاژەلّەیان لە باکووری سووریادا کردووە[9].

---

[1]A. Goetze, JCS, 7,p.62, n.76.

[2] گۆتزە لە سەرچاوەیەکی تردا (چاپی سێیەم ١٩٦٩، چاپی یەکەمیشی ١٩٥٠ بوو لەکاتێکدا باسەکەی سەرەوەی هی گۆڤاری JCS ــە، سالّی ١٩٥٣) ئاماژە بۆ کوتمار دەکات کە لە نووسینی پادشای خاتتیدا هاتووەو دەلّێت: کوتمار کوللیمێریی ئاشوورییە (مەبەستی ئەوەیە لە دەقە ئاشورییەکاندا هاتووە)، ڕۆژهەلاّتی بەتمان صو و باکووری بەشی سەرووی دیجلە: ANET, p.318n.7. گوتزە لێرەدا گومان لەبارەی ئەوەی کوتمار=کوللیمێری دەرنابڕێت.

[3]ARAB, II, S326.

[4]M.Streek, Assurbanipal, Teil 1, Leipzig, 1916, S.CCCLX.

[5]ARAB, 2,S854.

[6]ARAB, 1, S785.

[7]A. Leo Oppenheim, The Banqet of Ashurnasirpal II, iii, ANET, p.559.

[8] بڕوانە بۆ ئەمە: یانکۆڤسکا، بعض القضایا الاقتصادیة في امبراطوریة اشور، العراق القدیم، دراسة تحلیلیة لاحواله الاقتصادیة والاجتماعیة ، جماعة من علماء الاثار السوفیت، ت. سلیم طه التکریتي، دار الشؤون الثقافیة العامة، ط٢، بغداد ، ١٩٨٦، ل ٤٠٠ هـ ٥٥.

[9] بڕوانە: جورج کونتینو، الحیاة الیومیة في بلاد بابل و اشور ، ت. سلیم طه التکریتي و برهان عبد التکریتي، دار الرشید، بغداد ، ١٩٧٩، ل٢٣١.